# وەڵامی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٧ بەشی تورکی

**س١/ ئەمانەی خوارەوە باس بکە؟**

١. ئاناباسیس زەینەفونە
٢.ئەکادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ
٣. ڕافایل لیمکن
٤. ئەنجومەنی کەنیسەکانی ڤیەننا
٥. کوردۆلۆجی
٦. جەنگی خاچپەرستەکان

---

**ئاناباسیس زەینەفونە**

**یەکەمین وکۆنترین سـەرچاوە کە نـاوی کوردی تیدا هـاتبێ وپەیوەندی نێوان ڕۆژئـاوا وکوردمـان بۆ بگێڕێتەوە**، کتێبی (**ئاناباسـیس زەینەفونە**)**یە** ئەمە بووە سـەرچاوەیەک کە ئەوروپا بۆ ناسـینی کورد پشـتی پێ بەسـت. ئەم گەشـتنامەیە بەزمانی **یۆنانی کۆن** نووسـراوە وبەشـێکی تەرخان کراوە بۆ **گێڕانەوەی ئەو کارەسات وبەسەرهاتانەی کە زەینەفۆن ولەشکرەکەی پەیان هاتووە.**

**کوردۆلۆجی**

**لقێکە لەزانسـتی ڕۆژهەڵاتناسـی** وبەو توێژینەوە بیانیانە دەوترێت کە **لەمێژوو وجوگرافیاو کلتور وئابوری وئاین وبنیاتی کۆمەڵایەتی وزمان وئەدەبیاتی نەتەوەی کوردیان** کۆڵیوەتەوە.

**رافایل لیمکن**

**لە١٩٤٤پارێزەرێکی ئەمریکی** بەرەچەڵەک پۆڵەندی بە ناوی (**ڕافایل لیمکن**) هەوڵیدا سـیاسـەتەکانی ڕژێمی نازی لەبارەی کوشـتنی بەکۆمەڵی بە بەرنامەڕێژ پێناسـە بکات، بەتایبەتی **قڕکردنی میللەتی جولەکەی ئەوروپا**، ئەوبوو کە چەمکی جینۆسـایدی داڕشـت و بەکارهێنا، ڕەنگە یەکێک لە **هۆکارە سـەرەکییەکانی** ئەو کارەش ئەوە بێت کە ئەو خۆی **جولەکە** بوو و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی لەلایەن **نازیەکانەوە قڕکرابوون.**

**ئەکادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ**

زانستی کوردۆلۆجی لەکۆتایی (**سـەدەی نۆزدە و ناوەراستی سـەدەی بیستەم**) بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە **زانستی ڕۆژهەڵاتناسی جیابووەوە**، ئیتر لەو کاتەوە لە زانکۆکانی ئەوروپادا بە تایبەتی لە (**ئەکادیمیای ڕوسیا، زانکۆکانی فەرەنسـا، ئەڵمانیا، سـوید و بەریتانیا**) وەک بەشـێک سـەر بە **لێکۆڵینەوەی ئێرانناسـی و ڕۆژهەڵاتناسـی دەخوێندرێت**، کوردۆلۆجی لە زانکۆکانی هەموو ئەم وڵاتانەدا لەبەر هۆی سـیاسـی هەرگیز سـەربەخۆ نەبووەو پاشـکۆی بەشـی ئێرانناسـی بووە، بەڵام بۆ **یەکەم جار** لە ڕوسیا لە **ساڵی ١٩٥٩** بەشـی لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە(**ئەکادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ**) لە بەشی **ئێرانناسی جیابووەوە** و بوو بە **بەشێکی سەربەخۆ**، ئەم کارەش لەسەر دەستی زانا (**پیتەر لیرخ**) هاتە بەرهەم.

**ئەنجومەنی کەنیسەکانی ڤیەننا**

کوردۆلۆجی، لە سەرەتادا **لقێک بووە لە زانستی ڕۆژهەلاتناسی**. ڕۆژهەلاتناسیش ئەو زانستە بوو کە لە **سەدەی چواردەم** بە بڕیارێکی "**ئەنجومەنی کەنیسەکانی ڤیەننا**" بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانە ڕۆژهەلاتییەکان بە ڕەسمی دامەزرا. بە پێی ئەم بڕیارە لە زانکۆ سەرەکییەکانی (**ئۆکسفۆرد، پۆڵۆنیا، پاریس، کامبریج**) دەستکرا بە وانە وتنەوەی زمانە ڕۆژهەلاتییەکان، کەواتە کوردۆلۆجی سەرەتا بەشێک بووە لە ڕۆژهەلاتناسی ووەکو ڕۆژهەلاتناسیش بینینی ڕۆژئاوایە بۆ ڕۆژهەلات.

**جەنگی خاچپەرستەکان**

**لە سەدەی دوازدە لە نێوان ڕۆژهەلاتی مسوڵمان ورۆژئاوای مەسیحی ڕوویدا بە ڕێبەرایەتی سەرکردەیەکی کورد بە ناوی سەلاحەددینی ئەیوبی بەرامبەر بە دوو سەرکردەی ئەورووپی بە ناوەکانی (فلیپی فەرەنسی وریچارد شێردڵی ئینگلیز)**، کە پەیوەندی نێوان ئەورووپا وکورد لەم جەنگە دێرینەدا چەندین چیرۆکی ئەفسانەیی لە ئەدەبی کوردی وئەورووپیدا دروستکردووە وەکو (**مستەر ریچ**) کە ڕۆژهەلاتناسێکی بەریتانییە لە گەشتنامە بەناوبانگەکەیدا باسی چیرۆکی ئەفسانەیی (**فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، کیغانی فەرەنگ**) دەکات.

---

س٢/ جۆرەکانی جینۆساید بژمیرە ؟ باسی دووانیان بە نمونەوە بکە ؟

**١- جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی)**

**٢- جینۆسایدی بایۆلۆژی**

**٣- جینۆسایدی ئابووری**

**٤- جینۆسایدی کوولتوری- نەتەوەیی**

**باسی دووانیان بە نمونەوە بکە ؟**

**١- جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی): phicical Genocide**

ئەمە ئاشکراترین و سادەترین شێوازی جینۆسایدە. کە بە (**کوشتن، لەسێدارەدان، گوللەبارانکردن و زیندەبەچاڵکردن) یاخود بەهەر ڕێگایەکی تر لەناوببرێن**. ئەم جۆرە قڕکردنە وەک لە هێرشە سەربازیەکان و بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی لەناوبردنی وەک چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی و چەکی فسفۆڕی ئەنجامدەدرێت یاخود بە گوللەبارانکردن و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ وزیندەبەچاڵکردندا خۆی دەبینێتەوە. نموونەی ئەم جینوسایدە لە مێژوودا یەکجار زۆرە و لە عێراقیشدا لە دژی شیعەکان لە باشوور و کوردەکان لە باکور ئەنجامدراوە.

### ٢- جینۆسایدی بایۆلۆژی Biological Genocide

لێرەدا مەبەست دروستکردنی رێگریە لە زیادبوون و پەرەسەندنی گروپێک، رێگە گرتن لە وەچەنانەوە لەرێگای نەزوککردنی پیاوان یان منداڵ لەباربردنی ژنان یاخود جیاکردنەوەی ژنان لە پیاوان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، وەک ئەوەی لە جینۆسایدکردنی هەشت هەزار کەس لە بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣ ئەنجامدرا. هەروەها جیاکردنەوەی ژن و منداڵە ئێزدییەکان لە پیاوەکانیان لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن (داعش) ەوە.

### ٣- جینۆسایدی ئابووری: Cultural- ethnic genocide

ئەم جۆرەیان لە **رێگای وێرانکردنی بنەما ئابووریەکانی** خەڵکەکە دەکرێت، وەک لەناوبردنی سامان و بەروبومی سروشتی و تاڵانکردنی ماڵ و کەلوپەلی خێزانەکان، یان گەمارۆدانی گروپێک لە رووی ئابووری و برسیکردنیان.

### ٤- جینۆسایدی کوولتوری- نەتەوەیی: Economical Genocide

لەم جۆرەدا قەدەغەکردنی بەکارهێنانی **زمانی نەتەوەیی و شێواندنی مێژوو و رۆشنبیری و لەناوبردنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەکە**، جگە لەمەش تێکدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان دەگرێتەوە وەکو « **رووخاندنی پەیکەر و ئەشکەوت و مۆزەخانە و گەرماو و مزگەوت و کڵێسا و بازار و هەموو شوێنەوارێک**». یەکێک لە نموونە دیارەکانی ئەم جۆرە جینوسایدە لە تورکیای سەردەمی (**ئەتاتورک**)دا دەبینین کە ئەویش خۆی لە قەدەغەکردنی زمان، جلوبەرگ و ناوە کوردییەکاندا دەبینیەوە.

---

س٣/ دابەشبوونی دانیشتووانی کوردستان **بەپێی پێکهاتەی نەتەوەی** کامانن؟

( ١.کورد، ٢. تورکمان، ٣. عرب، ٤. عەجەم، ٥. فارس، ٦. کلدان و ئاشوور ی ئەرمەنی.

---

س٤/ س٤/ دیالێکت چیە و جیاوازی لەگەڵ زمان چیە؟

**دیالێکت** : **بەو جیاوازیانە دەوترێت کە لە نێوان جۆرەکانی یەک زماندا هەیە، وەک جیاوازی رێزمان ولایەنی پێکهاتەیی وشە وچۆنیەتی دەربرین.**

جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت

**١-** زمان **لایەنێکی گشتی وسنوورێکی فراوان** دەگرێتەوە و تارادەیەک هەموو دیالێکتەکان لە خۆ دەگرێت، بەڵام دیالێکت ناوچەیەکی **سنووری جوگرافی** دیاریکراو لە خۆ دەگرێت.

**٢-** زمان **کۆی هەموو ئەو جیاوازیانە** دەگرێتەوە کە لە **نێوان دیالێکتەکانی زماندا** هەیە، بەڵام دیالێکت **لەسەر بنەمای ئەو جیاوازیانە** دروست دەبێت کە لەناو زماندا هەیە.

**٣-** زمان پەیوەستە لەسەر **بنەمای لەیەکتر نەگەیشتن**، بەڵام دیالێکت پەیوەستە بە **بنەمای لەیەکتر گەیشتن**، واتە ئەگەر دوو قسەکەر لەیەکتر گەیشتن ئەوە پێی دەوترێت زار، بەڵام گەر لەیەکتر نەگەیشتن ئەوە دەبێت بە دوو زمانی سەربەخۆ.

**٤-** زمان بەپێی رەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ **ناگۆرێت**، بەڵام دیالێکت بەپێی **رەگەز** و **جوگرافیا** و **دابەش** بوونی **چینەکانی کۆمەڵگە** دابەش دەبێت.

---

**س٥/** بەگشتی تۆپۆگرافیای کوردستان لەچەند بەش پێک دێت؟

**١- چیاکان، ٢- گردەکان(تەپۆڵکە، ٣ – دەشتەکان**

---

**س٦/** هۆکاری **بایەخپێدانی رۆژهەڵاتناسە رووسەکان** بە بابەتی کوردۆلۆجی چییە؟

١- بوونی **ژمارەیەکی زۆری کورد** لەو وڵاتە.

٢- بوونی **سنووری راستەوخۆی** روسیا لەگەڵ گەلی کورد.

٣- بوونی **زانیاری دەربارەی کورد** ووڵاتەکەیان بە شـــێوەی راپۆرتی دبلۆماســـی وسەربازی لە کتێبخانە ومۆزەخانە وئەرشیفەکانی وڵاتی روسیا.

---

س٧/ لە زمانناسی نوێدا جۆرەکانی دیالێکت بەسەر چوار جۆر دابەش دەکرێن بیانژمێرە؟

ئەوا **لە زمانناسی نوێدا** جۆرەکانی دیالێکت بەسەر چوار جۆر دابەش دەکرێن:

**١- دیالێکتی ستاندارد**

**٢- دیالێکتی رەگەزی**

**٣- دیالێکتی جوگرافی**

**٤- دیالێکتی چینە کۆمەڵایەتیەکان**

گەر زمانی کوردی لە ڕوانگەی ئەم جۆرە دابەشـــکردنەی دیالێکتەوە دابەش بکەین دەبینین دیالێکتەکانی زمانی هەموو ســـەر بە **دیالێکتی جوگرافییاین**، چونکە کرۆکی هۆی بوونییان پەیوەندی بە دەست کردی هەل و مەرجی جوگرافییای و سیاسیەوە هەیە.

---

س٨/ ئامانجی کوردناسەکان وهاتنیان بۆکوردستان چی بوو بە خاڵ بیانژمێرە؟یەکیان بە وردی باس بکە؟

**ئامانجی کوردناسەکان وهاتنیان بۆ کوردستان بۆ ئەم٦شەش خالانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:**

**١- ئامانجی ئاینی:**

کورد سەر بە دین ومەزهەبی جۆراو جۆر بووە، وەکو: **زەردەشتی** و **مەسیحی** و **یەزیدی** و **موســـڵمان** و **حەقە** و..... هتد، بۆیە ڕێبەر وســـەردارانی هەر دینێک ویســـتوویانە بێن بۆ کوردســـــتان وبیکەن بە مەیدان وبەرەو پێش بردنی ئەو دین ومەزهەبە دیاریکراوەی خۆیان، بە تایبەتیش مەسیحیەکان، دەستەیەکی بەرچاویان هاتوون بۆ ناســـینی ئەو کەمە نەتەوایەتیە مەســـیحییە کوردەی کە لە کوردســـتان دەژین بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەســـیحی وزانیاری پەیداکردن لەبارەیانەوە. وەکو قەشە (**مۆریزیۆ گارزۆنی ئیتاڵی و تۆمابوای فەرەنسی**).

**٢- ئامانجی سیاسی:**

هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بەمەبەستی سیاسی بۆ دانانی پلانی پێش وەختە بۆ داگیرکردنی کوردستان هاتوون، چونکە کوردستان بایەخێکی ستراتیجی مەزنی لە ڕووی سیاسی وسەربازی بۆ وڵاتی بێگانە هەبووە، وەک (**مێجەرسۆن**).

**٣- ئامانجی بازرگانی وئابووری:**

زۆرێک لە بازرگانەکان ئەوانە بوون، کە بە مەبەســـتی ئاڵوگۆری کاڵاو پێداویستیەکان لە نێوان ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا گەشت وسەفەریان دەکرد. جا لەپاڵ مەبەستی بازرگانی وئابورییان هەڵدەستان زانست وزانیاریشیان لە بارەی مێژوو وزمان وکلتوری ئەو نەتەوانە کۆدەکردەوە. وەک (**گاگارای**) ڕووسی و (**تاڤێرنێتە**)ی فەڕەنسی.

**٤- ئامانجی زانستی و ئەکادیمی:**

تا کۆتایی سەدەی (١٨) ڕۆژهەڵاتناسەکان زیاتر بە مەبەستی سیاسی وسخوری بڵاوکردنەوەی ئاینی مەســیحی بەرەو ڕۆژهەڵات وکوردســـتان ســـەفەریان دەکرد،

بەڵام بەشـێکی دیکە لەکوردناسەکان لە سەرەتای سالانی (١٨٠٠) بەملاوە هیچ بەرژەوەندییەکی ماددی وسیاسییان نەبووە، بەڵکو بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی هاتوونەتە کوردستان یان لە شوێنی خۆیان توێژینەوەی زانستیان لەبارەی ژیان وکلتور وگشت لایەنەکانی کورد نووسیوە وەک (**لازاریف و مینۆرسکی و مارتن ڤان برۆنسن**).

**٥- ئامانجی سەربازی:**

هەندێک لە کوردناسەکان پلەی سەربازییان لە لەشکری ولاتانی خۆیان هەبووە، جا کاتێک لە جەنگدا بوونەو هاتوونەتە کوردستان وئەوەی بینیویانە بەجۆریک نووسیویانەتەوە. وەک (**زەینەفون**).

**٦- ئامانجی حەزوو ئارەزوو:**

هەندێک لەکوردناسەکان تەنیا بەمەبەستی حەز وئارەزوو گەشت وسەیران هاتوونەتە کوردستان. دواتر بیرەوەریەکانی خۆیان لە چوارچێوەی کتێب ونامەیلکەو گوتاردا بلاوکردۆتەوە.

---

**س٩/** بۆ یەکەم جار زاراوەی **کوردۆلۆجیا** کێ و چوون ولە کوی بە کارهاتووە؟

بۆ یەکەم جار زاراوەی (**کوردۆلۆجیا**) لە **سالی (١٩١٣)** لە لاپەڕە (٨) ی ژمارە (٢) ی گۆڤاری (**ڕۆژی کورد**) لە **ئەستەمبۆل** لە لایەن (**د. عەبدوڵلا جەوەت**) ەوە بە کارهاتووە.

---

**س١٠/** هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالێکت چین؟ هۆکاری سیاسی بە وردی باس بکە؟

**١- هۆکاری کۆمەلایەتی:** ئەم هۆکارە پەیوەندی بە **عادات** و **تەقالید** و **خورەوشتی** ناو کۆمەلگەو چینەکانی ناو کۆمەلگەوە هەیە.

**٢- هۆکاری سیاسی:** دوو لایەن دەگرێتەوە:

**أ**– هۆکارێکیان ئەوەیە کە میللەتێک خاوەنی **حکومەتێکی ناوەندی** نەبێت.

**ب**– هۆکاری دووەمیان ئەوەیە کە **حکوومەتی ناوەندی بوونی** هەیە، بەلام لەبەر فراوانی سنووری دەسەلاتەکەی ناتوانێت دەسەلاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا بکێشێت کە بەمەش دەسەلاتی ناوەندی بێهێز دەبێت و وادەکات هەرناوچەیە و شێوە ئاخاوتنی **تایبەت بە خۆی** هەبێت.

**٣- هۆکاری جوگرافی و سروشتی هەڵکەوتوویی ناوچەکە.**

**٤- ڕادەی ڕۆشنبیری و دواکەوتوویی کۆمەڵگە.**

**٥- جیاوازی لە ڕووی دەنگسازیەوە:**

بۆ نموونە لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا (**نووسی**) بەکاردێ
بەڵام لە کرمانجی سەروودا (**نڤیسی**) بەکاردێت.

**٦- لایەنی ئابووری:** کە ئەمەش پەیوەستە بە **چوونیەتی دابەش نەبوونی ئابووری** لە شوێنە جیاوازەکاندا.

**٧- هۆکاری بایۆلۆژی و فیزیکی:** کە ئەمەش پەیوەستە بە کردەی درووستبوونی مرۆڤەوە.